www.kurdistannet.org
28-9-2006 7:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئۆجەلان و ئەنچەرليک و تاڵەبانی ... سابير سەعيد

لەوانەيە ئەم ناونيشانە لە لای هەنديک کەس سەير بێت، بەڵام هاوکێشە ئاڵۆسکاوەکانی دنيای سياسەتی گەنيو و دوور لە هەموو بەهايەکی رەسەن زۆر جار بەشێک لە مەسەلەو کێشەکان تێکەڵاو دەکات و کارتەکانی گەمە بێ بنەما رەوشتيەکانی زلهێزێکی تاکرەو و خاوەن هەڵوێستی دوو فاقی وەک ئەمەريکای پی دەسازێنرێت.

ستەمی رژێمی توركيا بەرامبەر نەتەوەی کورد مەسەلەيەکی بەڵگە نەويستە و پێويست بە قسە لەسەر کردن ناکات بە تايبەتی کە من ئەم نوسينەم بۆ خوێنەرانێکی ئاشنايە بە رەوتی کێشەی کورد لە تورکيا.

ئەوەی دەمەوێت بەکورتی باسی لێوە بکەم بريتيە لە چەند تيشکێک بۆ روونکردنەوەی ئەو ناونيشانەی سەرەوە.

پێ دەچێت زۆرێکمان (خۆشم يەکێکم لەوانە) تەنها لەو کاتەوە ناوی ئەنچەرليکمان بەرگوێ کەوتبێت کە دوای کۆرەوەکەی کوردی باشووری کوردستان لە بەهاری 1991 بڕياری ئەوە درا ناوچەيەکی پارێزراو بۆ کوردەکانی عێراق دەستەبەر بکرێت و هێڵی دژە فڕين دەستنيشان کرا بۆ هێزە ئاسمانيەکانی ديکتاتۆری عێراق. ئيتر لەو کاتەوە ناوی ئەنچەرليک کەوتە ناو ناوانەوە کە بنکەيەکی ئاسمانی توركيەو لەلايەن فڕۆکەکانی ئەمەريکاو بەريتانياوە بەکارهێنرا بۆ جێبەجێکردنی بڕياری پاراستنی ناوچەی دژە فڕين لە باکووری عێراق (کوردستانی باشوور) .

بەڵام ئەمساڵ 2006 لە پەڕتوکی (تەکنەلۆژيای سيخوڕيدا / نوسينی براهام يوست) ئەوەم کەوتە بەرچاو کە ئەمەريکا لە ساڵی 1956 ەوە سوودمەند بووە لە بنکەی ئەنچەر ليک و لەو رۆژگارەدافڕۆکە سيخوڕييەکانی لە جۆری:

U-2 يوو دوو

ئەو بنکە يەيان بەکار هێناوە بۆ سيخوڕی کردن بەسەر يەکێتی سۆڤێتەوە.

تا ئێرە مەسەلەکە ئاساييە بەڵام کە سەيری تەمەنی عبداللە ئۆجەلان سەرکردەی پ. ک. ک دەکەين دەبينين لەدايکبووی ساڵی 1949 يە واتە لەو کاتەی کە تورکيا گەورەترين هاوپەيمانی نيشانداوە بۆئەمەريکاو و خزمەتی خۆی پێشکەشکردووە بە فڕۆکەکانی لە بنکەی ئەنچەرليکەوەلەو ساتەدا ئۆجەلان لەتەمەنی حەوت ساڵيدا بووە.

ئاليرەوە ئەو گرێ کوێرەيە دەکرێتەوە کە بۆچی بزووتنەوەی رزگاريخوازی هاوچەرخی کوردلە تورکيا کە رەوايی کێشەکەی هيچی کەمتر نيە لەکێشەی کوردی عێراق لەلايەن ئەمريکاوە پشتگوێ خراوە و لەولاشەوە پ.ک.ک بە گروپێکی تيرۆريست دەناسێنێت.

لەلايەکی ترەوە پەيوەندی توندوتۆڵی نێوان دامەزراوەی سەربازی تورکيا لەگەڵ ئيسرائيل کە بە پێی هەواڵە ئاشکراکان لە 1996 ەوە رێککە وتنی هاوکاری سەربازيان بەيەکەوە مۆر کردووە، هەر لەو کاتەشەوە چەندين مانۆڕی سەربازيان سازداوە کە ئەمەريکا لە هەندێکياندا بەشدار بووە.

ئەمەش وەڵامی ئەو پرسيارەمان دەداتەوە کە بۆچی دەبێت دەزگای سيخوڕی ئەمەريکاو ئيسرائيل هاوکاری دەزگای سيخوڕی تورکيا بکەن بۆ دەستگير کردنی ئۆجەلان لە 1999؟

بەڵێ ئەمەريکايەک خاوەنی (ئەنچەرليک و هاوکاری سەربازی تورکيا لەگەڵ ئيسرائيلی کۆرپەی بەنازيدا) بێت چی ناچاری دەکات بۆ ئاوڕدانەوە لە کوردێک کە لەهاوکێشەی بەرژەوەنديەکانی ئەودا يەکسانە بەسفر.

ئيتر مافی مرۆڤ بۆ خۆی هەر لەو ناوەدابا بزرنگێتەوە.

28-9-2006 7:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دوا ویستگەی باسەکەشم بۆ لێدوانەکەی ئەم دواییەی تاڵەبانیە کە داوای مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات لە عێراق و پێی باشە ئەمەریکا بنکەی ئاسمانی بەردەوامی هەبێت لەعێراقدا ئەم جۆرە قسانە مایەی سەرسامی نیە لەیەکێکی وەک تاڵەبانی کە لەپێناو رازی کردنی تورکیاو ئەمەریکادا لەگەڵ بارزانیدا پێکەوە شەڕی نۆکەرانەیان دژی پ.ک.ک بەرپا کرد!!

بەڵێ ئەمەریکا پیاوێکی وەک تاڵەبانی دەوێت کە نوقڵانەی خێری بۆ بنکەی ئاسمانی لەوێنەی ئەنچەرلیک لەعێراق بۆلێبدات و شەوو رۆژ سوپاس بژیری و تەسبیحاتی بۆش بکات و بەبۆنەو بە بێ بۆنە بلێ بەگیانی پیرۆزت قەسەم!!!

ج پێویستی بە (ئۆجەلان و پ.ک.ک) ەیە کە ئەگەر بۆیان بکرایە دەمێک بوو ئەنچەرلیکیان فەوت دەکرد بۆ ئەوەی چیتر سەنگی تورکیای قورس نەکردایە و سەنگی کوردیش هیچ بەدەستەوە!!!

نوسینی: سابیر سەعید